خێرترینتان ئەوانەی سەردەمی منن، دواتر ئەوانەی لە پاشیان دێن، دواتر ئەوانەی لە پاشیان دێن

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترینتان ئەوانەی سەردەمی منن، دواتر ئەوانەی لە پاشیان دێن، دواتر ئەوانەی لە پاشیان دێن»، عیمران دەڵێت: نازانم ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو یان سێ سەردەمی -نەوەی- باسکرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لە پاش ئێوە خەڵکانێك دێن خیانەت دەکەن ومتمانەپێکراو نین، وشاهێدی دەدەن بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت شاهێدی بدەن، ونەزر دەکەن وجێبەجێی ناکەن، وقەڵەوی تێیاندا دەردەکەوێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە باشترین کۆمەڵ لە نێو خەڵکیدا ئەگەر کۆ ببنەوە لە یەك سەردەمدا؛ بریتیە لەو کۆمەڵەی کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی تێدایە، دواتر ئەوانەی شوێنیان کەوتن لە ئیمانداران وگەیشتن بە سەردەمی هاوەڵان ونەگەیشتن بە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دواتر ئەوانەی شوێنیان کەوتن لە شوێنکەوتووانی تابیعیەکان، وهاوەڵەکە بە گومان بوو لە باسکردنی ئەوانەی شوێنیان کەوتن لە سەدەی چوارەم. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لە پاش ئەوان خەڵکانێك دێن خیانەت دەکەن وخەڵکی متمانەیان پێناکات، وشاهێدی دەدەن پێش ئەوەی داوای شاهێدی دانیان لێبکرێت، ونەزر دەکەن وجێبەجێی ناکەن، وزێدەڕۆیی دەکەن لە خواردن وخواردنەوە هەتاوەکو قەڵەوی تێیاندا دەردەکەوێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66370